# دەستگیر کردنی مەحمودی صالحی مەحکوم دەکەین

ماوەی چەند رۆژە دەزگا ئەمنیەتەکانی جمهوری ئیسلامی ئیران هەڵسوڕاوی کرێکاریو رابەری کرێکارانی نانەواخانەکانی سەقز دەستگیرو زیندانی کردووە. تەنها تاوانی مەحمودی صالحی ئەوەیە کە لە پێناو خواستەکانی کرێکاران خەباتی کردووەو بە ڕاشکاوی بە ڕووی بێمافیو بێبەشی کرێکاران لە ئیران دەنگی هەڵبڕیوە. ئیتیهامێک کە ڕووبەڕووی مەحمودی صاڵحی کراوەتەوە ئەوەیە کە بەشداری ڕێکخستنی مەراسیمی ئایاری 2004ی لە شاری سەقز کردووە.

جمهوری ئیسلامی ئێران مێژوویەکی دوورو درێژی لە سەرکوتو ژێرپێنانی مافە سەرەتاییەکانی چینی کریکار هەیە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پێ بەپێی چوونە سەری ئاستی ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران، ئەم سەرکوتە تا هاتووە توند تر بۆتەوە.

ئێمە لە لیژنەی پێشوازی لە یەکی ئایار لە شاری سلێمانی بە ناوی ناوەندو کۆڕوکۆمەڵە کرێکاریەکانی شارەوە. ئەم سەرکوتە مەحکوم دەکەینو خوازیارین کە:

1- دەستبەجێ مەحمودی صاڵحیو هەر هەڵسوڕاویکی کرێکاریو ئازادیخوازی تر کە لە پەلامارەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو دەستگیر کراون ئازاد بکرێن.

2- جمهوری ئیسلامی لە بەرامبەر ڕۆژانی زیندانیو هەر ئەزیەتو ئازاریکی جەستەییو دەرونی مەحمودی صاڵحیو دەستگیراوەکانی تریش قەرەبوو بکاتەوە.

3- سەرکوتو شوێنکەوتنی هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە لایەن جمهوری ئیسلامیەوە کۆتایی پێ بێت.

ئێمە تەواوی ڕێکخراوە جیهانیەکان لە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی جمهوری ئیسلامی ئاگادار دەکەینەوەو خوازیارین کە فشار بۆ ئەم ڕژێمە بهێنن تاکو ڕیز بۆ مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران دابنێتو پەلاماری بۆ سەر کرێکارانی هەڵسوڕاوو ناڕازی ڕابگرێت.

لیژنەی پێشوازی لە یەکی ئایاری 2007 لە شاری سلێمانی

23-04-2007